# لەپیریدا

زانا سامان



قۆرخ بووم لەخەیاڵداو

خەریکە عادەت بەرامانەوە بگرم

ئاخر نازانم بەم ئێوارەیە

ئەم تاڵەمووە چیبوو

بەشنە شن کەوتە سەردەستم

واملێهاتووە دەرگای پرسیار بخەمە سەر پشتو

بەساتە عەدەم چووەکانی جارانمدا بچمەوە،

هەندێک جار

بیرکەوتنەوە لە ڕابردوو

گەڕانە بەشوێن دۆزینەوەی نهێنیەک

لەزیهنی بەسەردا تێپەرینی کاتدا

مەعلومە لەخۆرا هیچ سەرەتایەک

ناگاتە کۆتایی ئاوابوون

تا لەرەنگی نارنجیدا

مەغریبێک فەنای بکات لەخۆی،

ئەشێ پێمنابێتە نێو وەرزێکی نوێ

وەرزێک..

پرلە وێنەی خەزانو

کاڵی ئەو لیمۆیانەی

لەچاوەروانی بێزوی ژنێکدا پوکانەوە

پڕ لەبۆنی ئەو ناسکە خەیارانەی

شاعیرێک لە مەستیدا

لەدوای هەر پێکێک

دایدەکرمێنێت،

ئەم ئێوارەیە

جودا لەئێوارەکانی ڕابردوو

بەردەم پەنجەرەی ژوورەکەم

خاڵیە لەوسێبەرانەی

ڕۆژانی دی بەسوچێکیەوە جێدەمان

کەنەفتی سەر جێگەنیمو

توانای تەمشاکردنی ئەو دیوی پەنجەرەم نیە

وەک ئەوەی لەڕۆخی زەلکاوێکدا

تیمساح قاچی گەستبێتمو

مێرولە خەریکی ڕۆح کێشانم بێت

ناتوانم دەست بدەمە کتێبەکەی بەردەمو

لەرزۆکی بەدەستمدا دێت،

جاران..

گوێم نەئەدایە ورینی تاڵەمووی سەرمو

هەمیشە ئاوێتەی

خەونە بەلاسک چووەکان دەبووم

ترسم لە لۆچی ڕوومەت نەدەکردەوەو

وەک ئاسک بەنێو شیعرەکانمدا دەگوزەرام

جاران..

ئێوارەکانی پڕ بوون لەخاوکردنەوەی پرچو

پیاسەی شەقامەکانی شار

پڕ بوو لەنیگای ئەو کچانەی

جوانییان بە هەندەران سپارد

لەسیمای ئەو قەیرە کچانەی

هەمیشە خەویان بەکراسی سپیو

چاوەڕوانی گەڕانەوەی

گەنجەکانی دوورە وڵات

تاسانبوونی،

لەم ئێوارەیەدا

ختورەی هیچ حەزێک بەلاشەمدا نایەت

کات وەستاوەو

وەك شێت بەپەنجە تەمەن دەژمێرم

ڕوو دەكەمە ئاوێنەكەم‌و

بواردەی تەڵخیەك

ماوەم نادات خۆم ببینم

دەمەوێت بەپلیكانەدا هەڵزنێم

هێز لەچۆكمدا نیە بۆ سەركەوتن

غیرەتی ئاوڕدانەوەم نیە لە خۆم‌و

لەتەریقبوونەوەدا دەتوێمەوە

شەكەتم‌و لەژێر سایەی سەیوانی تەمەندا

دروود بۆ ئەو چركە ساتانە دەبەم

منالأنە دەیخستمە بیردۆزی تەمەنناوە

ئاخۆ چ ئێوارەیەكی پڕ زامە

"با"پرچم دەژاكێنێ‌و

بۆ قولأیی یادگاریەك لولمدەدات،

ئەم ئێوارەیە

وەك سەفەری ڕێبوارێكە

لەبیابانێكی سەرابی‌و

گەڕان بەدوی قومێك ئاودا

نەئەوەتا، بەدیار سەرەتای نوسینی شیعرێكەوە

دەكەومەوە خۆ خواردنەوە

تا لەگوناهی خەیاڵێك پاككبمەوە،

نەئەوەتا سیگارێك شكدەم

بۆ خۆ لە بیرچوونەوە

تاكو كەمێك ئوقرەبگرم

بە یادی شكانی شوشەوە،

ئەم ئێوارەیە

نوری نیگاری هیچ عاشقێك

نامباتەوە بۆ پیرۆزی یەكەمین سۆز

تا بەدیار سەفەری هەمیشەیی كۆنە یارەوە

بیر لەناشتنی میهرەبانی حەزێك بكەمەوە

تەنیامو کەوتومەتە نێو گێژاوی ئەم ئێوارەیەوە

دوور نییە لەوپەڕی نائاگایی..

خافڵ لەهەموو ویستێک

بێزار لەگشت مەرامێک

ئەم خەیاڵە نائاساییە بمباو

بەفریای دەنگی سۆلۆیئاوازێکی حەزین نەکەوم

یاخود ماوەی گوێگرتنم نەمێنێو

لەنێو تاریکایی تەمەندا

ئەشک بەچاومدا بێتە خوار،

هەندێکجار..

تێفکرینەوە لەو خەونانەی دێنە دی

چوونە بەرەو ناوەڕۆکی حاڵیبوونو

هەندێ جاری دیش دۆڕاندن،

ئەم ئێوارەیە واملێهاتووە

نەخشەی بێخەوشی خەیاڵم بشێونمو

بۆ چەند ساتێک

دوور لەفەنتازیای بیرۆکەم

بگەڕێمەوە بۆ نێو خۆم

لەژوورێکی هەواکێشی پایزانەو

دۆزینەوەی کلیلی ئەو دەرگایانەی

هەمیشە بەڕووی خۆشبەختیدا دادەخرێن

چوون هەست دەکەم

قارەمانی هیچ حیکایەتێک لەزەینمدا نەماوە

خەمی خۆمی بۆ بڕێژمو

بیکاتە چیرۆکی ژیان،

ئەم ئێوارەیە

کڕنوشی مەبەستێک نەماوە

تەنیایی خواوەندێکی بۆ شەرح بکەم

ئازاری جەستەیەک نەماوە

غەدری نەمانی

**حەوسەڵەی خۆمی لابدرکێنم**

**ئیتر زەمەنی گێڕانەوەی ئەو تێکستەیە**

**لەمێژە لەنێو پەنجەی دەستی چەپمدا دەگەڕێت**

**کاتی درکاندنی ئەو نەهێنیانەیە**

**ژیانمی بەسەکۆی دیوارێکەوە هەڵواسیوە**

**من پیرێتیم لەدوکەڵی جگەرەیەکدا دۆزیەوەو**

**ئێستا تێدەگەم**

**ئەمە ئێوارەی ماش‌و برنجی تەمەنەو**

**ژیان بەوانەی دوای خۆم دەسپێرم.**